**ووتەی هەفتانە**

- دریژکردنەوەی ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری بایۆمەتری دەنگدەران بۆ پانزە ڕۆژی تر تا بەرواری ٢٠٢١/٤/١٥.
- دەستکردن بە ئامادە کردنی ئامێری خێراکردنی ئەنجامەکان وئامێری گەیاندن (ناوەندی گواستنەوە) لەگەڵ کۆمپانیای میرۆی کوری کە گۆمپانیای دروستکەری ئامیرەکانی هەلبژاردنە.

کۆمسیونی هەلبژاردنەکان بڕیاری دا بە درێژ کردنەوەی ماوەی تازەکردنەوەی تۆماری بایۆمەتری دەنگدەران بۆ ماوەی پانزە ڕۆژی تر کە لە ٢٠٢١/١/٢ وە دەستی پێکردوە و بەردەوام دەبێت تا بەرواری ٢٠٢١/٤/١٥ وەکو هەولیك بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر لە بەردەم دەنگدەران تا بتوانن پڕۆسەی تۆمارکردن و تازەکردنەوەی بایۆمەتری ئەنجام بدەن ، بە ئامانجی زامنکردنی بە شداری زۆرترین ژمارەی دەنگدەر لە هەلبژاردنی داهاتوو ، وە ماوەی تانەدانیش لە تۆماری سەرەتایی دەنگدەران لە ٢٠٢١/٤/١٦ وە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا ٢٠٢١/٤/٢٢ ، وە لەئەنجامی پڕۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لەو کاتەوەی کە دەستی پێکردوە لە ٢٠٢١/١/٢ وە (١٣٣٦٥٧٠) دەنگدەر تۆمارەکەی نوێکراوەنەوە ، وە (٢٣٣٩٢) دەنگدەری ئاوارەش تۆمارکراوە ، وە پڕۆسەی تۆمارکردن بەردەوامە کە لە سالی ٢٠١٤ وە دەستی پێکردوە وە لەو کاتەوە ژمارەی دەنگدەر کە تۆماری بایۆمەتری بۆ کراوە گەیشتۆتە (١٥٧٩٢٢٠٩) دەنگدەر ، وە لە پێناوی تەواوکردنی پڕۆسەی نوێکردنەوە و تۆمارکردنی بایۆمەتری ئەنجومەنی کۆمسیاران جەختی کردەوە کە دەبێت دەوامی کارمە ندان و کارمەندی گرێبەست لە ئۆفیسی نیشتمانی و ئۆفیسی پارێزگاکان وناوەندەکانی تۆمارکردن و تیمە گەڕۆکەکان بەرێژەی ١٠٠٪ بێت.

هەروەها ئەنجومەنی کۆمسیاران هەموو هەولێك دەدات لە پێناوی بە ئەنجام گەیاندنی پڕۆسەی نوێکردنەوەی بایۆمەتری بە شێوەیەکی پاك وبێگەرد لە میانەی پشتبەستن بە چاودێرە ناوخۆیەکان کە تا ئیستا (٤٣٥٥) چاودێری خۆمالی و (٥٣٩٨) چاودێر لە بریکاری حزبە سیاسیەکان سەردانی ناوە ندەکانی تۆمارکردنیان کردوە.

کۆمسیۆن کاردەکان بۆ تازەکردنەوەی داتاکانی دەنگدەری تایبەت لە هێزە چەکدارەکان و ئاسایش وە ڕاودە ستکردنەوەی کارتەکانیان ئەمەش لە ڕێ ی پەیوەندی کردن بەلایەنە بەرپرسەکان بۆ دیاریکردنی شوێنی کارمەندەکانیان وپاشان ڕەوانەکردنی تیمە گەڕۆکەکان بۆ جێیە جێکردنی پڕۆسەی تازەکردنەوە و دابەشکردنی کارتی دەنگدان .

لە لایەکی ترەوە بە دواداچونی بەردەوام ئەنجام دەدرێت لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ بەڕێوە چونی پڕۆسەی هەلبژاردن لە ئۆفیسی پارێز گاکان و ناوەندەکانی تۆمارکردن ،وە سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی ئیدارەی هەلبژاردن کۆبونەوەیان بە بەرێوەبەری ئۆفیسی ئەو پارێزگایانە کرد کە ڕێژەی تۆمارکردن تیایدا نزمە، بۆ وەستان لە سەر ئاستەنگ و تە گەرەکان ، وەهەروەها گفتو گۆکردن لە سەر پلانی جێگرەوە بۆ تۆمارکردنی بایۆمەتری ، وە سەرۆکی کارگێری هەلبژاردن بڕیاریدا بەپێکهێنانی تیمێك لە فەرمانگەی تۆپەڕاسیۆنەکان و تەکنۆلوجیای زانیاری بۆ سەرپەرشتی کردنی ناوەندەکانی تۆمارکردنی کەرخ و ڕەسافە لە بەغداد تابە بەدواداچون بکەن بۆ کاری ناوە ندەکان و ڕێکارەکانی تۆمارکردن و دابەشکردنی کارتی بایۆمەتری .

لەلایەکی ترەوە بە گوێرەی خشتەی ئۆ پەراسیۆنەکان ئامادە سازی بۆ هەلبژاردن ئەنجام دەدرێت ،لەگەڵ ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر پلانی بلاوە پێکردنی ناوەندەکانی دەنگدان کە ژمارەیان دەگاتە (٨٢٧٣) ناوەند، دەستکرا بە ئامادەسازی ئامێری خێراکردنی ئەنجامەکان وئامێری ناردن (ناوەندی گواستنەوە) ئەمەش لەگەڵ کۆمپانیای میرۆی کۆری کە کۆمپانیای

**دروستکەری ئامێرەکانە وە هەروەها ئەنجومەنی کۆمسیاران رەزامەندیدا لەسەر ئەنجامی سەوداو سازانی کۆمسیۆن و کۆمپانیای گشتی گواستنەوەی ووشکانی کە هەلدەستێت بەگواستنەوەی کەرەسەی هەلبژاردن لەناو عێراقدا بەهۆی بارهەلگری حکومی کە مولکیەتەکەی دەگەڕیتەوە بۆ کۆمپانیای ئاماژە پێکراو جائەم کەرە سانە لە فرۆکەخانەکان بۆ وەیان لە بەنداوەکان، وە کۆمپانیاکە پایەندە بەو وادانەی کە دیاریکراوە وەهەروەها بە شوێنەکان کەکەرە سەکانی بۆ دەگوازێتەوە کە لەلایەن کۆمسیۆن دەستنیشان دەکرێت وە بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئاسایشی بالا بۆ هەلبژاردن وە ئەنجومەنی کۆمسیاران چەند لیژنەیەکی پیکهێناوە بۆ هەلسان بە رێکارەکانی پشکنینی کەرەسەکان و ڕادە ستکردن و وەرگرتنیان بەپێی کۆنوس کە بۆ ئەم مەبەستە رێکدە خرێت بەئامانجی زامنکردنی سەلامەتی کەرەسەکان لە کاتی گواستنەوەیاندا.**

**نووسینگەی ووتەبێژی ڕاگەیاندن**

**بەروار :٢٠٢١/٤/٧**